# ئێوارەیەک تاتای جەهەننەم
# لە قژما دەقرتێنم

توانا عەدنان بەرزنجی

ئێوارەیەک کتوپڕ دەڕۆم
ئاوڕ لە مردن نادەمەوە.
روانینەکانم...
لە ئاوێنەی ژوورەکەما جێدەهێڵم
ئێوارەیەک...
تەڕ... تەڕ...
سەفەر لەگەڵ هەتاو دەکەم و
باوەشێک خەیاڵ لە باخچەیەک دەخوازم
کە تەنهایی کوشتوویەتی
ئێوارەیەک...
بەدەم خوێندنەوەی شیعرێکی خوساو
بەبوغز
بەدەم رەنگکردنی سیمای (مردن)
وەڵامی سڵاوەکانی چەخماخە
دەدەمەوە...!!
بۆنی ئەو گوڵانە بەسەر هەناسەما...
دەڕژێنم.
لە گیرفانی ئازار شاردراونەتەوە
قینی ئەو لاوە رادەگرم
کە مەغریبانێک کوفری کردووە و
نەگەیشتۆتە بیستۆکی خودا
ئێوارەیەک...
دانە... دانە...
هەنگاوە تەڕەکانی مەئیووس

کۆدەکەمەوەو
لە زەرفێکی نامە
بۆ تەریقیی هەورەکان دەینێرمەوە
کە گریاون
بەسەر ئەم دۆزەخە
ئێوارەیەک...
لەگەڵ گومڕاییم سەفەر دەکەم و
خۆم بە «قەدەر»ی چرکەیەک
دەسپێرم...!!
کە گوزەر دەکەم بەسەر ئەم شەقامە
خۆڵەمێشییانە
گۆرانی لە زمانم دەڕژێت..!!
کە پەی بەکوڵ دەبەم باڵەکانم
هەڵدەوەرن
کە دەفڕم
بەتاڵ دەبم
لە کوفرو
پڕ دەبم لە سەماو
دەچۆڕێم لە پاڕانەوە...
ئێوارەیەک... لەگەڵ کۆڵانێک
شەکەت... شەکەت
سەفەر هەڵمدەگرێت...
لە خۆم دەپرسم..
من...
هەمیشە لە ئاوێنەیەک دەڕوانم
پڕە لە تەنهایی
لە خەیاڵێکدام
تژییە لە بیابان..!!!

ئەی یار..!!
بەقەد بۆنکردنی
گوڵەمینایەک لە سوبحی نامەیەکتا..
دەفلیقێمەوە
بەقەد قرتاندنی چڵێک ڕێحان
حەز بەخوارنەوەی
کووپێک عەشق دەکەم..
کە پڕیەتی.
لە دڵۆپە ئاونگی
سەر روو مەتی خۆشەویستی
بەئەندازەی گوێگرتن
لە تەپەی پێی مێرووولە
لەوپەڕی هەنگاوانێکی هێمنانە..!!
بەئەندازەی خواردنەوەی
ئینجا نەیەک لە جوانی
حەز لە فڕین دەکەم..!!
فڕینێک...
پڕ بێت لە سەما
پڕبێت لە خۆم
پڕبێت لە تۆ
پڕبێت لە نوێژ
پڕبێت لە هەستکردن
لە نزیکوونەوە لە بینینی خوداو
هەڵدانی یەکەم پێکی نائومێدان